ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# بە ناوی نەتەوە؛
## (ڕەنگدانەوەی ناسیۆناڵیزم و نیشتمانپەروەری)

ڕاجێرز بڕوبەیکر • لێدوانی تیۆریک
وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت



# بەناوی نەتەوە؛

# ڕەنگدانەوە ناسیۆناڵیزم و نیشتمانپەروەری

## ڕاجێرز بڕوبەیکر

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

لێدوانی تیۆریک

ئەستێڵ ئینسایت
ASTELL INSIGHT

ئەم تـوێژینەوەیە[1] بە مـامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوەبـوون وەک ئیدعـایەکی سیاسی نەک وەک فـاکتێکی ئێتنۆکەلــتووری، ئەو پـــرسیارانە دەورووژێنێت کە چۆن "نەتەوە" وەک ڕەهەنــدێک لە پڕاکـتیک، ئایدیۆمێکی سیاسی و ئیدعایەک کار دەکات. قسەکردن "بە ناوی نەتەوە" مانای چییە؟ مرۆڤ چۆن داوەری لەسەر پڕاکتیکی ئەو کارە دەکات؟ لەسەر بـــنەمـــای ئەو بۆچـــوونە بەرفـــراوانە کە دەڵێت "نەتەوە" کاتێگۆرییەکی ئـانـاکرۆنیستی و بەرگـری لێنەکراوە یان لانیکەم بە قـووڵی گـومـانـاوییە؛ ئەم توێژینەوەیە بەرگرییەکی شایستە لە فۆڕمە گشتگیرەکانی ناسیۆناڵیزم و نیشتمانپەروەری دەکات لە چــوارچێوەی ئەمــریکای هــاوچەرخــدا و دەڵێت کە ئەم فۆڕمــانە دەتــوانــن یارمەتیدەر بــن لە گەشەپێدانی بەهێزتـــری فۆڕمەکانی هـــاووڵاتیبوون، پشـــتگیری لە سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی دابەشکردن، یەکگرتنی کۆچــبەران، تەنـانەت وەک چـاوپیاخــشانــدنەوەیەک لە بەرانــبەر پەرەپێدانی سیاسەتێکی دەرەوەی یەکلایەنەی شەڕانگێزانە کار دەکەن.

سەد و بیست ساڵ لەمەوبەر، زانا و نووسەری گەورەی فەڕانسی، **ئێرنێست ڕێنان** لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس وانەیەکی پێشکەش کرد لەسەر پرسیاری "نەتەوە چییە؟". پێشکەشکردنی ئەم وانەیە دووای 12 ساڵ لە جەنگی فەڕانسا و پرووس هات کە بووە هۆی لەدەستدانی ئەلزاس-لۆرین، ئەو ناوچەیەی ناسیۆنالیستە ئاڵمانییەکان بەهۆی دانیشتووانەکەیەوە کە زۆربەیان ئاڵمانی زمانن، ئیدعای خاوەندارێتییان دەکرد. لە وڵامی ئەم جۆرە ئیدعایانەدا، ڕێنان ڕەخنەیەکی بەهێزی لە پێناسەکانی "ئێتنۆگرافی" لە نەتەوەبوون پەرە پێدا. ئەم ڕەخنەیە لەو هەوڵانە دەگیرا کە سنوورە نەتەوەییەکانیان لەسەر بنەمای هاوبەشییە گومانـاوییە ئابجێکتیڤەکان وەک نەژاد، زمان، یان کەلتوور پێناسە دەکرد. ڕێنان ئاماژەی بەوەدا کە نەتەوەبوون لە ناوەڕۆکدا دیاردەیەکی سابجێکتیڤە، کە لەسەر "ویستی پێکەوەژیان" دامەزراوە. لەهەمان کاتدا رێنان، لە مێتافۆرێکی بەناوبانگدا، نەتەوەی وەک "ڕاپرسییەکی ڕۆژانە" بەشێوەیەکی تایبەتمەند پێناسە کرد (Renan, 1996 [1882]).

باسەکەی ڕێنان، وەک باسێکی زەرووری سەبارەت بە نەتەوەبوون دەمێنێتەوە و تا ئەمڕۆش شایەنی خوێندنەوەیە. بەڵام من لیرەدا دەمهەوێت سەرنجتان ڕابکێشم بۆ پرسیارەکەی ڕێنان نەک وڵامەکەی. چونکە وڵامەکەی رێنان درەوشاوە بوو، بەڵام ئەو پرسیارەی کە کردوویەتی- "نەتەوە چییە؟"- بێ کێشە نییە. پرسیاری "نەتەوە چییە؟" -وەک چۆن شیکارە بێشومارەکان لەدووای ڕێنانەوە کردوویانە- هانمان دەدات بۆ پێناسەکردنی نەتەوەبوون لە نێو تێرمێکی جەوهەرخوازدا؛ هانمان دەدات وەک بوونەوەر مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکان بکەین. پرسیارەکە خۆی ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە نەتەوە بەجۆرێک بریتییە لە بوونەوەرێکی جەوهەریی، هەرچەندە ڕەنگە یەکێک بێت لەو مژارانەی کە زەحمەتە پێناسە بکرێت.

مـن دەمـهەوێت پـرسیارێکی تـا ڕادەیەک جیاواز بکەم: «چۆن  کاتێگۆری "نەتەوە" کار دەکات؟» پرسیارکردن بەم شێوەیە، تێگەیشتنی ڕۆژانەمان لە نەتەوەکان بەشێوەی کۆییبوون، بوونەوەر و وەک کۆمەڵەکـان (communities) دەگۆڕێـت؛ ئەم تێـگەیـشـتـنە پێـشـنیـاری ئەوە دەدات کە پێـنـاسەی "نەتەوە" بکەیـن لە ڕێـگەی لەبەرچـــاوگـــرتـنی نەتەوە وەک کـاتێـگۆری و چەمکێک؛ و نـاسیۆنـاڵیزم وەک زمـانێکی دیاریکراو و ئـایدیۆمێکی سیاسی، هەروەهـا ڕێگەیەک بکەینەوە بۆ بەکارهێنانی ئەو چەمک و کاتێگۆرییە.

پـاشـان لەو گـریمانەیەوە دەسـت پێدەکەم کە نەتەوەبـوون ڕاسـتییەکی ئێتنۆدیمۆگـرافی یان ئێتنۆکەلـتووری نییە؛ بەڵکوو ئیدعـایەکی سیاسییە. بـانـگەشەیەکە کە لەسەر وەفـاداری خەڵک، لەسەر سەرنجیان و لەسەر یەکڕیزییان ڕاوەســتاوە. ئەگەر ئێمە نەک وەک فـــاکت بەڵکوو وەک بـــانـــگەشە لە نەتەوەبـــوون تێبگەین، ئەوە دەتـــوانین بـــزانین کە "نەتەوە"  تەنیا کاتێگۆرییەکی شیکارانە نییە و بۆ وەسفکرنی جیهانێک کە سەربەخۆیە لەو زمـــانەی کە وەسفی دەکات، بەکار نـــاهێـنـرێت؛ بەڵـکوو بۆ گۆڕیـنی جیـهـان بەکـار دێـت، بۆ گۆڕیـنی تێڕوانیـنی خەڵک بۆ خۆیـان، بۆ ڕێکخستنی وەفادارییەکانیان، بەگەڕخستنی وزە و دەربڕینی داواکارییەکانیان بەکار دێت. ماکس ڤێـبێر کە نەوەیەک دووای ڕێـنـان بە هەژمـــار دێت، کـاتێک لەم بـــابەتە تێگەیشـت کە چەمکی نەتەوەی وەک (Wertbegriff) بەکار بـرد؛ واتە چەمکێکە کە دەبەسـترێتەوە بە کایەی بەهـاکان. (1964, 1992, pp. 675, 677; 1978 [1922], pp. 922, 925).  بە زمـــانی هـــاوچەرخـــتـــر، دەتـوانین بڵێین کە نەتەوە لە هەنـگاوی یەکەمـدا کاتێگۆرییەکە لە پڕاکتیک، نەک کاتێگۆرییەکی پەیوەندیدار بە شیکاری.

مــن  کاتێگۆری "نەتەوە" دەکەم بە ئــابجێکتی (بــابەت) شیکاری، نەک ئەوەی وەک ئــامــرازێکی شیکاری بەکاری بهێنم. مـن ناپـرسـم "نەتەوە چییە"، بەڵکوو دەپرسم چۆن "نەتەوە" کار دەکات وەک کاتێگۆرییەک لە پڕاکتیک، ئــایدیۆمی سیاسی و وەک ئیدعــایەک؟ قــسەکردن "بە نــاوی نەتەوەوە" مــانــای چییە؟ مــرۆڤ چۆن دەبێت پڕاکتیکی ئەو کارە داوەری بکات؟ ئــایا ئەمە کردەوەیەکە کە دەتـوانـرێت بەرگـری لێبکرێت و پێویستە بچێنرێت؟ یان لە بـاشـترین حـاڵەتـدا پڕاکتیکێکی ئـانـاکرۆنیستییە و لە خـراپـترین حـاڵەتیشدا پڕاکتیکێکی مەتـرسیدارە؟ مـن هەوڵ نـادەم وڵامێکی گشـتی بۆ ئەم پـرسیارە نۆرمـاتیڤانە بـدرێتەوە لەبەر ئەوەی وا بیر نـاکەمەوە کە بکرێر وڵامێکی گشتی و یەکلاکەرەوەی لەسەر بدرێتەوە.

بۆ ئەنــجامــدانی کاری جۆراوجۆری زۆر فــراوان و لە بەســتێنی جیاواز کەڵک لە لە "نەتەوە" وەردەگیریێت. لە بـاسکردنی ئەم پـرسیارە نۆرمـاتیڤانەدا لە نیوەی دووەمی ئەم تـوێژینەوەیەدا، خۆم لە بەستێنی ئەمریکای هاوچەرخدا سنووردار دەکەم. بەڵام من بە لەبەرچاوگرتنی هەندێک ڕێگەی جیاواز دەســت پێدەکەم کە ئیدعــای نەتەوەبــوون لە نێو کۆمەڵێک شــوێن و بەشێوەی جیاواز کار دەکات.

لە هەنـدێک بەسـتێندا، ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەلایەن نـاسیۆنـاڵیستەکانەوە وەک "نەتەوەیەک" وێنا دەکرێت، لەگەڵ خـاک (قەڵەمڕەوی سیاسی) یان هـاووڵاتیبوونی دەوڵەتـدا یەک نـاگـرێتەوە. لەم حـاڵەتـانەدا ئیدعـای نەتەوەبـوون چـوارچێوەی ڕێکخراوی قەڵەمڕەو و سیاسەتی هەنـووکە دەخــاتە ژێر پــرسیارەوە. واتە ئەو کەســانە کە داواکاری بۆ گۆڕانکاری لە نەخــشەی سیاسیدا دەردەبڕن، یان لانیکەم ئــامــاژە دەکەن بە ئیمکانی گۆڕانکاری لە نەخــشەی سیاسیدا. ئەمە پێویست نـاکات داواکاری دەوڵەتی سەربەخۆ لەخۆبـگرێت، بەڵام بە شێوەیەکی ئـاسـایی لانیکەم

داواکاری بۆ سیاسەتێکی سەربەخۆ لەخۆدەگــرێت- سیاسەتێک کە بــتوانێت وەک سیاسەتی نەتەوەی گــومــانــاوی[2] و بۆ نەتەوەی گــومــانــاوی بێت. ئەم بــابەتە بۆ بــزووتــنەوە کلاسیکە ناسیۆنالیستەکانی شەپۆلی یەکەمی ئەورووپای ناوەڕاست و خۆرهەلات لە سەدەی نۆزدەیەمدا بوو؛ نموونەی هاوچەرخ بریتین لە فەڵەستینی، فلاندەرزی، ئاچێنی، تامیل و زۆر بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی دیکە.

ئەم جۆرە ئیدعانە بۆ نەتەوەبوون پێش هەموو شتێک زۆرتر ڕوو بە ئەندامانی بەگومانی خودی نەتەوەکەیە. ئەوان هەوڵ دەدەن شێوازی تێگەیشتن و نــاســانــدنی مــرۆڤەکان لە خۆیان بگۆڕن. ئەمەش لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێت کە ئەو کەسانەی پێشتر بە زاراوەی جگە لە نەتەوە خۆیان نــاســانــدووە- بۆ نــموونە لەڕێگەی زاراوەی ئــایینییەوە، یان بە زاراوەی نــاوچەیی، یان وەک ژێردەســتەی ئێمپراتۆری- ئەمــجارە خۆیان وەک ئەنــدامی نەتەوەیەک پێناسە بکەنەوە؛ یان لەوانەیە هۆکار ئەوە بێت کە خەڵک خۆیان وەک ئەندامی نەتەوەیەکی جیاواز دەبینن، بۆ ئەوەی خەڵک ڕازی بکەن کە **ســپانی** نین بەڵکوو **بــاسکی** یان **کەتەڵۆنــن**، بۆ نــموونە؛ **تــورک** نین بەڵکوو **کوردن**؛ **کەنەدی** نین بەڵکو **کێبێکین**.

ئیدعـای نەتەوەبـوون تەنیا روو بە ئەنـدامـانی بەگـومـانی نەتەوەکە نییە، بەڵکوو بۆ ئەوانەشە کە دەتــوانــن ئیدعــاکە پشــتڕاســت بکەنەوە. دەسەڵاتی پەسەنــدکردنی ئیدعــای نەتەوەبــوون لە سەرووی هەمــوو شــتێکەوە، لای دەوڵەتەکــانە، هەرچەنــدە ڕەنــگە ئەکــتەرە کــاریــگەرە نادەوڵەتییەکانیش گرنگ بن. مەبەستم لە پەسەندکردنی ئیدعای نەتەوەبوون، پێدانی جۆرێک لە دانپێدانــانی فەرمییە بە نەتەوەی گــومــانــاویدا، یان درووســتکردنی جۆرێک لە بــوونی دامەزراوەیی فەرمییە بۆی، تەنانەت تا دەگاتە خەلاتی گەورەی دەوڵەتی سەربەخۆ.

کەواتە ئەمە ئەو کـارە بــنەڕەتییەیە کە کـاتێـگۆری "نەتەوە" لە چـــوارچێـوەی بـــزووتـــنەوە نـاسیۆنـالیستەکانـدا ئەنـجامی دەدات کە بـریتییە لە درووسـتکردنی سیاسەتێکی یەکخەر بۆ نەتەوەیەکی گــومــانــاوی. ئەو بــزووتــنەوانە لە چـــوارچێوەی دیکەدا، کاتێگۆری "نەتەوە" بە شێوەیەکی زۆر جیاواز بەکار دەهێنن، بەجۆرێک مەبەستیان بەرەنگاربوونەوەی سنوور و نەزمی سیـاسی نییە، بەڵـکوو بۆ درووســـتکـردنی هەســـتی یەکێـتی نەتەوەییە لەپیـنـاو سیـاسەتێکی دیاریکراودا. ئەمە ئەو جۆرە کارەیە کە زۆرجـار پێی دەگـوترێت **نەتەوەسازی**، کە لەم دووایانەدا زۆرمــان بیستووە. هەر ئەم جۆرە کارەیە کە لەلایەن دەوڵەتگێڕی ئیتاڵی مـاسیمۆ دی ئـازێلیۆوە وەبیرهێنرایەوە، کاتێک بەنـاوبـانـگ بـوو وتی، «ئێمە ئیتاڵیامـان درووسـتکردووە، ئێستا دەبێت ئیتاڵی درووســت بکەین.» هەر ئەم جۆرە کارەیە کە ئەنــجامــدرا (و ئێستاش هەیە) - بە پــلەی سەرکەوتـنی جیـاواز بەڵام بە گـشـــتی زۆر سەرکەوتــوو نەبـــوو، بەتـــایـبەت کـاتێک لەلایەن سەرکردەکانی دەوڵەتانی پۆسـت-کۆڵۆنیاڵەوە کە سەربەخۆییان بەدەستهێنابوو، تاقیکرایەوە. لەبەرئەوەی دانیشتووانیان بەقووڵی دابەشبوون و لەسەر هێڵە ناوچەیی، نەتەوەیی، زمانەوانی و ئـــایینییەکانــدا مــانەوە. هەر ئەم جۆرە کارەیە کە هەوڵدەدرێت لە عێراقی هــاوچەرخیشدا بکرێت- لەپێناوی وەفــاداری و بـــانــگەوازکردن بۆ یەکڕیزی؛ ئەویش بەشێوەیەک کە بـــتوانێت دابەشبوونەکانی نێوان شیعە و سوننە، کورد و عەرەب، باکوور و باشوور، ببڕێت.[3]

لە وەهـــا چـــوارچێوەیەکدا دەکرێت کاتێگۆری "نەتەوە" بەشێوەیەکی دیکەش بەکاربهێنرێت، ئەمــجــارە نەک لەپێــنــاو گەڕانەوە بۆ نـــاســـنــامەیەکی "نەتەوەیی" کە بەسەر جیــاوازییە ئێتنۆزمـانەوانی، ئێتنۆئـایینی، یان ئێتنۆنـاوچەییەکان بەرزەوە بێت [یان لێیان درووســت بێت]، بەڵکوو بۆ "خـاوەنداریەتی" لە سیاسەت بە نـوێنەرایەتی کرۆکی "نەتەوە"ـیەکی ئێتنۆکەلـتووری

که جیاوازە لە شـــارومەنـــدانی دەوڵەت وەک گـشـــتێک؛ کەواتە پێـنـاسە یـان سەرلەنـــوێ پێـنـاسەکـردنەوەی دەوڵەت بۆ کـرۆکی ئەو "نەتەوە"ـەیە. (Brubaker, 1996, p. 83ff). ئەم شێـوازەی بەکـارهێـنـانی "نەتەوە"، بۆ نـــموونە لەلایەن نـــاسیۆنـــاڵیستە هینـدووییەکـان لە هیندســتان پەیڕەو دەکرێت، کە هەوڵ دەدەن هیندســتان وەک دەوڵەتێک پێناسە بکەنەوە کە لەسەر هیـنـدوویی یـان هیـنـدووسییەت دامەزراوە، دەوڵەتێک لەسەر بـــنەمـــای "نەتەوە"ی ئیتنۆئایینی هیندوویی و بۆ خۆی (Van der Veer, 1994). پێویست بە وتن ناکات کە ئەم جۆرە لە بەکارهێنانی "نەتەوە" دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی موسڵمانان لە ئەندامێتی نەتەوە؛ هەر وەک چۆن ئیـــــدعـــای هـــاوشێـــــوە بۆ "خـــاوەنـــداریەتی" دەوڵەت بەنـــاوی نەتەوەیەکی ئێتنۆکەلتوورییەوە، گرووپە ئیتنۆئایینی، ئێتنۆزمانی یان ئێتنۆنەژادییەکانی دیکە دەسڕێتەوە.

لە ئەمریکا و دەوڵەت-نەتەوە تاڕادەیەک جێگیر و تەمەندرێژەکانی دیکەدا، "نەتەوە" دەتوانێت بە شێوازێکی دانـــسقە کار بکات، وەک بـــزووتـــنەوە "نەیتیڤیست"ـەکانی ئەمـــریکا یان لە نێو ڕێتۆریکی بزووتنەوە راستڕەوە توندڕەوەکانی ئەورووپا. وەک ئەو درووشمانەی کە دەڵێن، ('la France oux Franç ais', 'Deutschland den Deutshchen') واتە، (فەڕانـــســـــــــا بۆ فەڕانسییەکانە و ئـاڵمان بۆ ئـاڵمانییەکان). هەروەهـاش دەتـوانێت بەشێوەیەکی زۆر جیاواز و بنەڕەتییانەش، لەخۆگر بێت.[4] ئەمە دەتوانێت بۆ چوارچێوەدان بە یەکڕێزی ئەندامانی نەتەوەکە کار بکات. پێداگری لەسەر **نەتەوەبوون** لەم مانایەدا ئەوەیە کە ئەندامانی ئەو گرووپە هەوڵ ئەدەن بۆ تێپەڕانـــدن یان لانیکەم ڕێژەییکردنی **جیاوازییە نـــاوخۆییەکان**. ئەمەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی خەڵک بیر لە خۆیان بکەنەوە -بۆ ئەوەی نـاســنامە و بەرژەوەنـدییەکانیان دابڕێژن- وەک ئەندامی ئەو نەتەوەیە، نەک وەک ئەندامی هەندێک پێکهاتەی کۆیی و گرووپی دیکە.[5] پێداگری

لەسەر نەتەوە دەتــوانێت سەرچــاوەیەکی ڕیتۆریکی بەهێز بێت، هەرچەنــدە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وا نییە.

ئـاکاێمیستەکان لە بەشەکانی زانســتە کۆمەڵایەتییەکان و زانســتە مـرۆییەکان لە ئەمـریکا، بە گشتی گومانیان هەیە یان تەنانەت دوژمنایەتییان لەگەڵ ئەم جۆرە ئیدعایانە بۆ **نەتەوەبوون** هەیە. زۆربەی جــار پێــداگــری لەسەر ئەمە وەک "تێــپەڕیــو"، "بەرچــاوتەنــگی"، "نەزانــانە"، "دواکەوتووانە" و تەنانەت "مەترسیدار" دەبینرێت.

کەم زانای ئەمریکی هەیە کە ئاڵا هەڵبکات و زۆرێک لە ئێمەش گومانمان هەیە لەو کەسانەی کە ئاڵا هەڵدەکەن. زۆرجار هۆکارەکە دەسنیشان کراوە، بەو پێیەی ئاڵا هەڵدان پەیوەست بووە بە "نــالێبوردەیی"، "بێگانەفۆبیا" و "میلیتاریزم"، و جۆرێک لە شــانــازی زیادەڕەوی نەتەوەیی و [پـاڵپشتی لە] سیاسەتی دەرەوەی شەڕانگێزانە. چەنـدەهـا کردەوەی تـرسـناک کە بۆ بـاسکردن نــابــن، ڕێژەیەکی زۆر لە شەڕانگێزی- بەنــاوی نەتەوەوە ئەنــجام دراون؛ نەتەوە نەک بە واتــای ئێتنیکیی نەتەوەکان، بەڵکوو بە نـاوی نەتەوەی "مەدەنی" کەوا دەگـوترێت "مەدەنی"ـن (Mann, 2004). بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ شــرۆڤەکردنی هەڵوێستی نەرێیی بــاو لەبــارەی نەتەوەوە. لەبەرئەوەی چەنـدان تـاوان و شەڕانگێزی هـاوشێوە بەبۆنەی خۆبەسـتەیی بە کۆمەڵگەی خەیاڵی دیکەوە ئەنجامـدراون لە ژێر نـاوی دەوڵەت، نەژاد، گـرووپی ئێتنیکی، چینی کۆمەڵایەتی، حـزب و ئیمان.

سەرەڕای ئەو هەستەی کە ناسیۆناڵیزمی پێ مەترسیدارە، و پەیوەندییەکی نزیک بە هەندێک لە خــراپەکارییە گەورەکانی سەردەمی ئێمەوە هەیە، هەر وەکوو چۆن جــان دان (1979, p. 55) دەڵێت، نـاسیۆنـاڵیزم «تـوخـتترین شەرمەزاری سیاسی سەدەی بیستەمە»، کەواتە دووڵییەکی

بەرفـراوان بۆ بـانـگەشەی نەتەوەبـوون هەیە. ئەمەش لەو تێڕوانینە بەرفـراوانەوە سەرچـاوە دەگـرێت کە پێیوایە ئێمە لە سەردەمێکی پۆسـت-نـاسیۆنـاڵدا دەژین. تێڕوانینەکە دەڵێت ئەگەر کـــاتێـــگۆری "نەتەوە" لە سەدەی نۆزدەیەمـــدا لەگەڵ واقـــعیەتە ئـــابـــووری، سیـــاسی و کەلتوورییەکاندا گونجاو بوو بێت، بەڵام ئەمڕۆ تا دێت لەگەڵ ئەو واقعیەتانە ناگونجێت. لەم شرۆڤەیەدا، نەتەوە لە بنەڕەتدا کاتێگۆرییەکی ئاناکرۆنیستییە و بانگەوازکردن بۆ نەتەوەبوون، تەنـانەت ئەگەر مەتـرسیداریش نەبێت، لەگەڵ ئەو بـنەمـا بـنەڕەتییانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ پێکدەهێنن، هاوئاهەنگ نییە.

هەڵوێستی **پۆسـت-نـاسیۆنـاڵیستی** ئیدعـای ئەزمـوونی، ڕەخـنەی میتۆدۆلۆژیک و ئـارگیۆمێنتی نۆرمـاتیڤ تێکەڵ دەکات. بە نۆرە چەنـد وشەیەک لەسەر هەرکامیان دەڵێم. ئیدعـای ئەزمـوونی جەخـت لەسەر نەمـانی تـوانسـت و کەمـبوونەوەی پەیوەنـدییەکانی دەوڵەت-نەتەوە دەکاتەوە. دەوڵەت-نەتەوە لە ژێر کاریگەری ســـووڕانەوەی بێ وێنەی مـــرۆڤ، کاڵا، پەیام، وێنە، ئـــایدیا و بەرهەمە کەلتوورییەکاندایە؛ دەگوترێت کە وردەوردە توانای "قەفەسکردن" (Mann, 1993, p. 61)، و لە چـــوارچێوەدانی حـــوکمڕانی، ژیانی کۆمەڵایەتی، ئـــابـــووری، کەلـــتووری و سیاسی لەدەسـتداوە. دەگـوتـرێت **تـوانـای** کۆنترۆڵی زۆر شـت وەک سـنوورەکان، ڕێکخستنی ئـابـووری، دارشـــتنی کەلـــتوور، چـــارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکان و سەرقـــاڵکردنی دڵ و مێشکی هاووڵاتیانی لەدەستداوە.

مـــن پێم وایە ئەم تێزە زۆر زیادەڕەوی تێدا کـراوە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی هێـرشەکـانی 11ـی سێپتامـبر بـووەتە هۆی سەرهەڵدانەوەی سـتەیتیزمی (دەوڵەتـخوازی) شەڕانگێزانە.[6] تەنـانەت یەکێتی ئەورووپـا کە نـاوەنـدێکی گـرنگی نـووسین لەسەر پۆســت-نـاسیۆنـاڵیزمە، بەبێ دوودڵی

نـوێنەرایەتی هێڵێک لە دەرەوەی دەوڵەت-نەتەوە نـاکات. وەک میلوارد (1992) بـاسی کردووە، هەنــگاوە ســنووردارە سەرەتــاییەکان بەرەو دەسەڵاتی سەروو نەتەوەیی لە ئەوروووپــا کاریان کـردووە، کە مەبەســت لێی گەڕانــدنەوە و بەهێـزکـردنی دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوە بـــووە. هەروەهـا ڕێکخستنەوەی بەرفـراوانی فەزای سیاسی، هـاوتەریب لەگەڵ هێڵە نەتەوەییەکان لە ئەوروووپـای نـاوەڕاســت و خۆرهەڵات لە کۆتـایی شەڕی ســارددا، ئەوە پیشان دەدات کە بەبێ تێــپەڕیــن لە دەوڵەت-نەتەوە، هــاوکــات بەشێکی گەورەی ئەوروووپــا بەرەو دەوڵەت-نەتەوە دەگەڕانەوە.[7] "سەدەی بیستەمی کورت" بەو شێوەیەی کە دەســتی پێکردبـوو کۆتـایی پێهات، ئەوروووپای ناوەڕاست و خۆرهەڵات نەک هەر بەرەو پۆست-ناسیۆناڵیزم نەچوون، بگرە لە ڕێگەی بە نەتەوەییکردنی بەرفـراوانی فەزای سیاسی کە پێشتر **فـرەنەتەوەیی بـوو**، چـوونە سەردەمێکی پۆست-فرەنەتەوەیی. بەدڵنیاییەوە هاونیشتمانیبوون وەک فۆڕمولی گشتگیر بۆ شەرعیەتدان بە دەوڵەتبوون مایەوە.

ئـایا وەک لە کتێبێکی ئەم دووایییەدا هــاتــووە (Sheffer, 2003, p. 22)، دەتـوانـرێت بـاس لە "کونــاودەربــوونی بێ وێنە"ی ســنوورەکان بکرێت؟ لە هەنــدێک ڕووەوە ڕەنــگە؛ بەڵام لە ڕووی دیکەوە -بە تایبەت سەبارەت بە جووڵە و تێگەیشتنی خەڵکەوە- تێکنۆلۆژییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆنترۆڵکردنی ســنوورەکان بەردەوام لە گەشەکردنــدا بـوون. نــاکرێت بــاس لە لەدەســتدانی کۆنترۆڵی گشتگیری دەوڵەتەکان بەسەر سنوورەکانیاندا بکرێت؛ لە ڕاستیدا، لە ماوەی سەدەی ڕابـردوودا، ڕەوتی پێچەوانە زاڵ بـووە، چـونکە دەوڵەتەکان تێکنۆلۆژی ئـاڵۆزتـریان بۆ نـاسینەوە، چــاودێریکردن و کۆنــترۆڵکردن جێگیر کردووە، لە پــاســپۆڕت و ڤیزاوە تــا دەگــاتە دەیتابەیسی یەکگرتــوو و ئــامێرە بــایۆمێـتریکەکان. هەژارانی جیهـان کە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی کۆچی

نێونەتەوەییەوە دۆخی خۆیان باشتر بکەن، ڕووبەڕووی تۆڕێکی توندتر لە ڕێکخستنی دەوڵەت دەبنەوە لە چاو سەدەیەک لەمەوبەر. (Hirst and Thompson, 1999, pp. 30-1, 267). ئایا کۆچکردنی ئەمڕۆ لە ڕووی قەبارە و خێراییەوە بێ وێنەیە، وەک زۆرجار جەختی لەسەر دەکرێتەوە؟ لە ڕاستیدا وا نییە: لەسەر بنەمای سەرتاسەری، کۆرەوی دەرەوەی وڵات لە سەدەیەک لەمەوبەر بۆ ئەمریکا زۆر گەورەتر بوو لە چاو دەیەکانی ڕابردوو، لە کاتێکدا کۆڕەوی کۆچی جیهانی ئەمڕۆ "لە هاوسەنگیدا چڕییەکەی کەمترە" لە چاو ئەوانەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم (Held et al., 1999, p. 326). ئایا ئەمڕۆ کۆچبەران پەیوەندییان لەگەڵ وڵاتانی ڕەسەنیاندا دەپارێزن؟ بێگومان ئەوان دەیکەن؛ بەڵام سەدەیەک لەمەوبەریش دەیانتوانی بەبێ ئیمەیڵ و پەیوەندی تێلێفۆنی هەرزان ئەو کارە بکەن و ڕوون نییە -بە پێچەوانەی ئەوەی تیۆریسیەنەکانی پۆست-ناسیۆنالیزم ئاماژەی پێ دەکەن- کە ئەو شێوازەی ئەمڕۆ تێپەڕاندنی سنوورەکانی سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەیە. ئایا **سەرمایەداریی گلۆبالیزەکراو** توانای دەوڵەتی بۆ ڕێکخستنی ئابووری کەم کردووەتەوە؟ بێ گومان. بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا -وەک ڕێکخستنی ئەو شتانەی کە پێشتر بە ڕەفتاری تایبەتی (private behavior) دادەنرا- کۆنترۆڵی ڕێکخراوی دەوڵەت توندتر بووە نەک شلتر. (Mann, 1997, pp. 491–2).[8]

ڕەخنەی مێتۆدۆلۆژیکاڵ ئەوەیە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە مێژە بەدەست "ناسیۆنالیزمی مێتۆدۆلۆژی"ەوە دەناڵێنن (ناوەندی لێکۆڵینەوە لە حوکمڕانی جیهانی، 2002؛ Wimmer and Glick-Schiller, 2002)- ئەمەش بەهۆی مەیلی پێناسەکردنی "دەوڵەت نەتەوە" وەک هاوتا لەگەڵ "کۆمەڵگا"، و گرنگیدان بە پێکهاتە و پرۆسەی ناوخۆیی لەسەر حیسابی پرۆسە و پێکهاتە

جیهانییەکان یان سەرتر لە سنوورەکان. دیارە حەقیقەتێکی باش لەم ڕەخنەیەدا هەیە، تەنانەت ئەگەر مەیلی زیادەڕەویشی هەبێت، ئەو کارانە پشتگوێ دەخات کە هەندێک لە مێژوونووسان و زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە مێژە لەسەر ڕەوت و تۆڕە سنوورییەکان ئەنجامی دەدەن.

بەڵام چی لەم ڕەخـــنەیە دێـتە ئـــاراوە؟ ئەگەر خـــزمەت بە هـــانـــدانی لێکۆڵینەوە لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بکات کە لە چەنـد ئـاسـتێکدا ڕێکخراون -وەکوو ئـاسـتی دەوڵەتی نەتەوەیی- ئەوە ئاکامێکی باشتری دەبێت. بەڵام ئەگەر ڕەخنەی مێتۆدۆلۆژیکاڵ -وەک زۆربەی جار- لەگەڵ ئیدعـای ئەزمـوونی سەبـارەت بە کەمـبوونەوەی پەیوەنـدیی دەوڵەت-نەتەوە یەک بـگرێتەوە و ئەگەر خزمەت بە دوورخستنەوەی سەرنج لە پرۆسە و پێکهاتەکانی ئاستی دەوڵەت بکات، ئەوا مەتـرسی ئەوە هەیە کە مۆدی ئـاکادێمیک ببێتە هۆی ئەوەی کە بە بـاش یان خـراپ، ئـاسـتێکی بنەڕەتی ڕێکخستن و شوێنی بنەڕەتی دەسەڵات کە بەردەوام دەمێنێتەوە، لەبەرچاو نەگرین.

ڕەخـنەی نۆرمـاتیف لە **دەوڵەت-نەتەوە** لە دوو ئـاراسـتەوە سەرچـاوە دەگـرێت. لە سەرەوە، ئـارگیومێنتی کۆسمۆپۆڵیتی (cosmopolitan) دەهێننەوە کە دەڵێت **مرۆڤایەتی بە گشتی** نەک دەوڵەت-نەتەوە، بەڵکوو پێویستە ئـاسۆی سەرەتـایی خەیاڵی ئەخـلاقی و بەشـداری سیاسیمان پێناسە بکات (Nussbaum, M.C, 1996). لە ئـاسـتی خـواریشەوە، فـرەکەلـتوورخـوازی و سیاسەتی شـونـاس (identity politic) بە نـاسـنامەی گـرووپی شـاگەشکە دەبـن و سەرووتـر لە پەیوەندییە فراوانتر و گشتگیرەکانەوە، ئیمتیازی پێ دەدەن.

دەکرێت لایەنی بەهێزتـــر و لاوازەکانی ئـــارگیومێنتی کۆسمۆپۆڵیتی جیا بکرێتەوە. ئـارگیومێنتی بەهێزی کۆسمۆپۆڵیتی ئەوەیە کە هیچ هۆکارێکی گـــونـــجاو نییە بۆ ئەوەی ئیمتیاز بـــدرێت بە

دەوڵەت-نەتەوە و قبوڵکردنی وەک تەوەرێک بۆ یەکڕیزی، بەرپرسیارەتی هاوبەش و پێگەیەک بۆ هاووڵاتیبوون.[9]

دەوڵەت-نەتەوە، لەڕووی ئەخلاقییەوە کۆمەڵگەیەکی دڵخوازانەیە، کەوابوو ئەندامێتی تێیدا لە زۆربەی کاتەکاندا، بە هەڵکەوتی لەدایکبوونەوە بەستراوەتەوە و هەر لەڕێگەی فاکتە دڵخوازە ئەخلاقییەکانیەوە شوێنی لەدایکبوون یان دایک و باوک دیاری دەکرێت. لایەنی لاوازی ئارگیومێنتی کۆسمۆپۆلیتی ئەوەیە کە پێیوایە سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوە نابێت بەرتەسکییەک بۆ بەرپرسیارەتی ئەخلاقی و پابەندبوونە سیاسییەکانمان دابنێت. سەختە لەگەڵ ئەم خاڵەدا ناکۆک بین. گرنگ نییە نەتەوەیەک چەندە کراوە و ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی تاکی نوێ، خاڵێک کە لە خوارەوە دەگەڕێمەوە بۆی- وەک بێنێدکت ئەندێرسۆن (1991) باسیکردووە، نەتەوە، وەک کۆمەڵگەیەکی سنوورداری خەیاڵییە. ئەمە لە بنەڕەتدا بیرتەسکە و بەشێوەیەکی قەرەبوونەکراو تایبەتە. تەنانەت سەرسەختترین ڕەخنەگرانی یونیڤێرساڵیزمیش بەدڵنیاییەوە هاوڕان کە ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری دەوڵەت-نەتەوەن، وەک هاوڕیشەیی لە مرۆڤبووندا، داواکاری هاوشێوەیان هەیە لەسەر خەیاڵی ئەخلاقی ئێمە، وزەی سیاسیمان و تەنانەت سەرچاوە ئابوورییەکانمان.[10]

ئاراستەی دووەمی ڕەخنەی نۆرماتیف لە دەوڵەت-نەتەوە کە **ڕەخنەی فرەکەلتوورییە** خۆی فۆڕمی جۆراوجۆر دەگرێتەبەر. هەندێک ڕەخنە لە دەوڵەت-نەتەوە دەگرن بە بۆنەی لۆژیکێکی یەکسانکەر کە گوایە دەوڵەت نەتەوە بەبێ وەستان جیاوازییە کەلتوورییەکان سەرکوت دەکات. هەندێکی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زۆربەی دەوڵەتە نەتەوەییە گومانلێکراوەکان (لەوانەش ئەمریکا) لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک دەوڵەت-نەتەوە نین، بەڵکوو دەوڵەتی فرەنەتەوەیین کە

ڕەنگە هاووڵاتییانیان وەفادارییەکی هاوبەشیان بۆ دەوڵەتەکە هەبێت، بەڵام ناسنامەیەکی نەتەوەیی هاوبەش نین (Kymlicka, 1995, p 11). بەڵام ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕوانینی فرەکەلتووی و سیاسەتی شوناسەوە، کەمتر لە ئارگیومێنتی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵکوو لە مەیلی گشتی بۆ چاند و شانازیکردن بە شوناس و خۆبەستەیی گرووپییەوە سەرچاوە دەگرێت کە تێچووەکەی پەراوێزخستنی شوناس و وەفادارییەکانە لە سەرانسەری دەوڵەتدا.

لە بەرامبەر ئەم ڕەخنە دوو ڕەهەندەی کۆسمۆپۆلیتی و فرەکەلتووریدا، دەمەهەوێت بەرگرییەکی شایستە بکەم لە ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری لە بەستێنی هاوچەرخی ئەمریکیدا.[11] چاودێران لە مێژە سەرنجیان لەسەر کاراکتەری ڕووخساری جانوسی (جانوس: خودای کردەوەکانە لە رۆمای دێرین) ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری داوە و منیش باش ئاگاداری لایەنە تاریکەکانیانم. من وەک کەسێک کە لە خۆرهەڵاتی ئەورووپادا ناسیۆنالیزمم خوێندووە، ڕەنگە بە تایبەتی ئاگاداری ئەو دیوە تاریکە بم و ئاگادارم کە ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەری نەک هەر لەوێ بەڵکوو لێرەدا لایەنێکی تاریکیان هەیە. بەڵام هەڵوێستە دژە-نەتەوەیی، پۆست-ناسیۆنالیستی و ترانس-ناسیۆناڵسیتییە باوەکان لە نێو زانستە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکاندا، مەترسی ئەوەیان هەیە کە هۆکارە باشەکان- لانیکەم لە کانتێکستی ئەمریکادا- تەمومژاوی بکات کە بریتییە لە پەروەردەکردنی یەکڕیزی، بەرپرسیاریەتی هاوبەش و هاووڵاتیبوون لە ئاستی نەتەوەدا.

هەندێک کەس لە ڕێگەی جیاکردنەوەی لە ناسیۆنالیزم بەرگری لە نیشتمانپەروەری دەکەن.[12] لەکاتێکدا، نیشتمانپەروەری و ناسیۆنالیزم شتگەلێک نین کە سروشتی جێگیریان هەبێت؛

ئەمـــانە زمـــانی سیاسی زۆر نەرم و بگۆڕن (flexible)، [ئەمـــانە] شێوەکانی شکڵبەخشین بە ئـارگیومێنتە سیاسییەکان و بـانـگەوازکردن بۆ نیشتمان، خـاکی بـاپیران، وڵات و نەتەوەن. ئەم دەسـتەوشـانە تـا ڕادەیەک واتـا و دەنـگدانەوە جیاوازیان هەیە؛ و هەر بۆیە زمـانە سیاسییەکانی نیشتمانـپەروەری و نـاسیۆنـاڵیزمیش بە تەواوی هـاوتـا نین. هەردوو زمـانەکە، لێکئالاۆون و بەو لێکئالانەوە دەتـوانـرێت کاری جۆراوجۆر بە هەردوو زمـانەکە ئەنـجام بـدرێت. بۆیە دەمـهەوێت لێرەدا پێکەوە لەبەرچاویان بگرم.

دەمــهەوێت پێشناری ئەوە بکەم کە نیشتمانــپەروەری و نــاسیۆنــاڵیزم لە چــوار ڕەهەنــدەوە دەتـوانـن بەهـایان هەبێت. دەتـوانـن یارمەتی پەرەپێدانی فۆڕمەکانی بەهێزتـری هـاووڵاتیبوون بـــدەن، پـشـــتـگیـری لە **سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکـانی دابەشکـاریی** (redistributive social policies) بکەن، پەرەپێدان بە ئـاوێتەکردنی (integration) کۆچـبەران و تەنـانەت درووسـتکردن و پاراستنی چاودێرییەک لەبەردەم سیاسەتێکی دەرەوەی یەکلایەنەی شەڕانگێزانە.

**یەکەم:** نـاسیۆنـاڵیزم و نیشتمانـپەروەری دەتـوانـن جـووڵێنەر بـن بۆ بەردەوامیی بەشـداریکردنی مەدەنی. هەنـــدێک جـــار بـــاس لەوە دەکرێت کە دەوڵەتە لیبراڵ دێمۆکراتەکان پێویستیان بە هـاووڵاتی پـابەنـد و چـالاک هەیە، هەر بۆیە پێویستیان بە نیشتمانـپەروەرییە بۆ درووسـتکردنی ئەم جۆرە هـاوڵاتییە و پـاڵپێوەنـانی بەرەو بەشـداری چـالاک. لاوازی ئەم ئـارگیومێنتە بەشـدار و هـــاوبەشە لە نێو لاوازی گشـــتی ئـــارگیومێنتە فـــانکشناڵیستەکانـــدایە سەبـــارەت بەوەی کە دەوڵەتەکان یان کۆمەڵگاکان چییان "پێویستە". لە ڕاسـتیدا، وا دێتە بەرچـاو کە دەوڵەتە لیبراڵ دێمۆکراتەکان لەم ڕێگەیەوە بتوانـن ڕووبەڕووی هاووڵاتییانی تاڕادەیەکی زۆر پاسیڤ و ناپابەند ببنەوە، بەڵام مەرج نییە ئەم ئارگیومێنتە لەسەر فۆڕمێکی فانکشناڵیستی دابڕێژرێت. ڕەنگە [بۆ

دەوڵەت] هاووڵاتی پابەند و چالاک زەروورەت نەبێت، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە کەمتر پەسند بێت. نیشتمانپەروەری دەتوانێت پەرەپێدەری بەشداریکردنی مەدەنی بێت. دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە درووستکردنی هەستی هاوپشتی (یەکڕیزی) و بەرپرسیارەتی لە بەرانبەر یەکتر کە سنووری گرووپە ناسنامەییەکانیش تێدەپەڕێنێت. وەک بێنێدکت ئەندێرسۆن (1991, p. 7) جەختی لەسەر دەکاتەوە، نەتەوە وەک "هاوڕێیەتییەکی ئاسۆیی قووڵ" هەستی پێدەکرێت. ناسینەوە لەگەڵ ئەندامانی ئەم کۆمەڵگە خەیاڵییە، دەتوانێت ئەو هەستە درووست بکات کە وا بیر بکرێتەوە کە کێشەکانی **ئەوان** لە ئاستێکدا کێشەکانی **منن** و منیش بەرپرسیارەتییەکی تایبەتم هەیە.[13]

خۆناسینەوەی نیشتمانپەروەرانە لەگەڵ وڵاتدا -هەستکردن بەوەی کە ئەمە وڵات و حکومەتی منە- دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە درووستکردنی بناغەیەک بۆ هەستی بەرپرسیارەتی بەرامبەر بەو کارانەی کە حکومەتی نەتەوەیی ئەنجامی دەدات، نەک خۆدوور ڕاگرتن لێی. هەستکردن بە بەرپرسیارەتی [بەرانبەر کارەکانی حکومەت]، بێگومان بە مانای ڕێککەوتن لەگەڵیان نییە؛ تەنانەت ڕەنگە هەست و سۆزی بەهێزی وەک شەرمەزاری، توڕەیی و ڕق درووست بکات کە بنەما و پاڵنەر بن بۆ دژایەتیکردنی سیاسەتەکانی حکومەت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی پابەندبوونی نیشتمانپەروەرانە چڕتر ببێتەوە نەک ئەو جۆرە هەستانە لاواز بکات. وەک ڕیچارد ڕۆڕتی (1994) تێبینی کردووە، «تۆ دەتوانیت هەست بە شەرمەزاری بکەیت بەهۆی ڕەفتاری وڵاتەکەت تەنیا تا ئەو کاتەی کە هەست دەکەیت وڵاتی تۆیە.»[14] پابەندبوونە نیشتمانپەروەرانەکان دەتوانن ئەو وزە و خولیایانە دابین بکەن کە جووڵێنەر و پارێزەری بەشداریکردنی مەدەنین.

**دووەم:** بەدیاریکراوتــر، نیشتمانــپەروەری و نــاسیۆنــاڵیزم دەتــوانــن پشــتگیری لە دووبــارە دارِشــتنەوەی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. ئەم جۆرە سیاسەتــانە بۆ ئەوەی وەک شــتێکی ڕەوا سەیر بکرێن پێویستییان بە هاوپشتی نێوان چینەکان و بەرپرسیارەتی بەرانبەر یەکتر هەیە؛ و ناسیۆناڵیزم دەتوانێت ئەو هاوپشتی و بەرپرسیارەتییە درووست بکات. زیادبوونی نایەکسانی لە دەیەکانی ڕابــردوودا چەنــدین هۆکاری هەیە و هەنــدێک لەوانە سەربەخۆن لە سیاسەتی گشــتی.[15] بەڵام سیاسەتە گشــتییەکان بە جێی ئەوەی کار بۆ بەرپەرچــدانەوەی بکەن، بەتــونــدی ئەم ڕەوتەیان خێراتــر کردووە. هەروەهــا بەڕێکەوت نییە کە ئەمە لە قۆنــاخێکدا ڕوویدا بێت کە چەپەکان سەرقــاڵی پــرسەکانی نــاســنامە و کەلــتوور بــوون و "کەلــتوور"ی کردنی ریتۆریکی سیاسیش، وایکردووە ئاسان نەبێت تیشک بخرێتە سەر پرسە ئابوورییەکان.[16]

**سێیەم:** زمــانی نەتەوەبــوون دەتــوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەهێزکردنی ئێنتێگرێبوونی (ئــاوێتەبــوونی) کۆچــبەران. زۆرجــار ڕەخــنەگــرانی نــاسیۆنــاڵیزم دەڵێن کە نــاسیۆنــاڵیزم تەنیا پێچەوانەکەی دەکات- واتە، ئەوانی دیکەی جیاواز لە ڕووی نەتەوەیی یان کەلــتوورییەوە دەکاتە دەرەوەی خۆی، یان لۆژیکی هێمۆژێنیزەی (یەکسانکەری) دەوڵەت-نەتەوە، بەفەرمی نــاسینی "جیاوازی" ڕەد دەکاتەوە. بەڵام مــرۆڤ دەبێت وریا بێت کە زێدەڕۆیانە واتــای نــاسیۆنــاڵیزم یان دەوڵەت-نەتەوە بابەتی نەکات؛ [چونکە گەر ئەوان نەبن] هیچ کام لەوانەش لە دەرەوەی کات و شــوێن و بــارودۆخ بــوونیان نــابێت. وەک هەر چەمکێکی کاتێگۆریاڵی دیکە، "نەتەوە" هەمیشە تێکرِا هەم گشــتگیرە هەم داخــراو. هەر کاتێک مــرۆڤەکان وەک ئەنــدامی یەک پۆل بەیەکەوە کۆ بکرێنەوە، ئەوا وەک جیاواز لە ئەنــدامــانی پۆلەکانی دیکەش نیشانە دەکرێن. دەکرێت کەسێک زۆر کەم خــواســت و سەرنجی لەسەر نــاسیۆنــاڵیزم بە گشــتی یان "نەتەوە" بە گشــتی هەبێت.

پـرسیارە سەرنجڕاکێشەکان پەیوەسـتن بەو شێوازە تـایبەتـانەی کە "نەتەوە" بۆ لەخۆگـرتـن یان وەدەرنان بەکار دەبرێت.

لە نێو نرخـانـدنێکی ئەرێیی بۆ ناسیۆناڵیزم، بێنێدکت ئەنـدێرسۆن باسی لە نەتەوەکان دەکات کە چۆن «لە نێو کاتدا پێکدەبسترێنەوە»، چونکە نەتەوەکان «لە نێو زماندا وێنا دەکرێن نەک لە نێو خـوێن.» وەک پێوابـوونەکانی دیکە سەبـارەت بە نـاسیۆنـاڵیزم بە گشـتی، ئەم بۆچـوونەش زۆر بەربڵاوە. ئەمە ئەو ڕاســـتییە لێڵ دەکات کە نەتەوەکان بە شێوازی جیاواز خۆیان وێنا دەکەن و هەر بۆیە جیاوازانە پێکدەبســـترێنەوە. نەک هەر نەتەوە **جیاوازەکان** بە شێـوازی جیـاواز وێـنـا دەکرێن، بەڵکوو یەک نەتەوەش بە شێوازی جیاواز لە کاتە جیاوازەکانـدا وێنا دەکرێت -تەنـانەت زۆرجار لە یەک کاتدا، لەلایەن خەڵکانی جیاوازەوە.

لە هەنـدێک شـوێندا، "نەتەوە" وەک کۆمەڵگەیەکی ئێتنۆکەلـتووری کە جیایە لە هـاووڵاتیبوونی دەوڵەت وێنا دەکرێت. کاتێک "نەتەوە" بەم شێوەیە وێنا دەکرێت، نـاسیۆنـاڵیزم دەتـوانێت لە نـاوەوە و هەروەهـا لە دەرەوەش داخـراو بێت، چـونکە دەتـوانێت هەنـدێک لە هـاووڵاتییانی دەرەوەی خۆی، وەک بێگانە و ڕەنـگە تەنـانەت دوژمنی نەتەوە پێناسە بکات. بێگومـان نـموونەی نـــاشیرینی ئەم جۆرە وەدەرنـــانە نـــاوخۆییە، ئەم ئەمـــریکاخـــوازیی بەرتەسکە، یان نەیتیڤیزم (nativism)، لە مێژووی ئەمـــریکادا زۆرن (Higham, 1955; Smith, 1997). بەڵام بە گشـــتی نەتەوەی ئەمــریکا -لەلایەن ئەنـــدامەکانی ئێستای و داهـــاتـــوویەوە- بەشێوەی ڕێژەیی کراوە و پێپێکبەســـتراو وێناکراوە، بە دڵنیاییەوە زۆر بە ئـــاســـانی بەڕووی زۆربەی نەتەوەکانی دیکەدا دەکرێتەوە و دەیانخاتە پاڵ خۆی. لەم بەستێنەدا، فۆڕموڵی هەستبزوێنی (lyrical) ئەندێرسۆن بەتەواوی گـونـجاوە. لەم دەیان سـاڵەی دوواییدا، نەتەوەی ئەمـریکی تەنیا لە پەراوێزی پـانـتایی

سیاسیدا نەبێت؛ بە بەردەوامی بەم شێوەیە خەیاڵ (وێنا) کراوە. پێموایە ئەم شێوازە بـــاوەی خەیاڵکردنی نەتەوە، تەنـــانەت لە شۆکی هێرشەکانی 11ـی سێپتامـــبریش ڕزگـــاری بـــوو. بە سەرنجـدان بەوەی کە "نەتەوە" بە شێوەیەکی بـاو وەک شـتێکی پێکبەسـتراو لە نێو کاتـدا (لە ڕاسـتیدا لە مـاوەیەکی تـاڕادەیەک کورتـدا) خەیاڵ دەکرێت، نـاسیۆنـاڵیزم لە ڕاسـتیدا دەتـوانێت وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ بۆ ئاوێتەکردنی کۆچبەران کار بکات.

زۆرێک لەو لێکۆڵەرانە کە ئێسـتـا لەسەر کۆچـــبەری دەنـــووســـن، ئەم بۆچـــوونە دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەوان کۆچـبەران بەو شێوەیە نـابینن کە خۆیان لە کۆمەڵگەی ئەمـریکیدا ئـاسێمیلە بکەن، بەڵکوو لەپێناو پـاراسـتنی کەلـتوور و نـاسـنامەی جیاواز پەنـادەبەن بۆ شکلبەخشین بە "کۆمەڵگەی" ئێتنیکی، زۆرجار ترانس-نەتەوەیی (transnational) یان دیاسپۆرایی. بەبڕوای مـن، ئەو زمـانە "جیاکارانەیە" کە ئەم لێکۆڵەرانە و زۆرێک لە خـاوەنکارە ئێتنۆسیاسییەکان پشـتگیری دەکەن، هەم لە ڕووی نۆرمـــاتیڤ (ڕێسایی) و هەم لە ڕووی ئەزمـــوونییەوە کێشەدارە. لە ڕووی نۆرمـــاتیڤەوە، شـــاگەشکەبـــوون بە جیاوازی، قـــسە و کارکردن لەسەر هـــاوبەشییە نێوان-نەتەوەییەکان قـــورســـتر دەکات. لە ڕووی ئەزمـــوونییەوە، سەرەڕای وەرچەرخـــانێکی گەورەی جیاوازیخوازانە لە بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەیەکانی ڕابـــردوودا، بەڵگەکان ئەوە پیشـان دەدەن کە کۆچـبەرانی نەوەی دووەم و سێیەم لە ئەمـریکا بەردەوامـن لە ئـاسێمیلەبـوون- واتە بەردەوامـن لەوەی کە لە ئەمـریکییەکانی دیکە بچن و هـاوشێوەی ئەمـریکییەکانی دیکە لەڕووی ڕەهەندەکانی ڕەفتارەوە هەڵسوکەوت بکەن (Alba, R. and Nee, V, 2003).

سەرەنـــجام بـــوارەکانی سیاسەتی دەرەوە و ئـــاســـایشی نەتەوەیی چۆنـــن؟ لێرەدا پێدەچێت درووسـتکردنی نیشتمانـپەروەری "پێشکەوتـنخوازانە" قـورسـتر بێت. ڕەنـگە هەنـدێک هـاوڕا بـن

لەسەر ئەوەی کە نیشتمانــپەروەری دەتــوانێت یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدانی بەشــداریکردنی مەدەنی، پشتگیری و ئاسانکاری بکات لە دووبارە دابەشکردنەوەی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان و ئاسانکاری بۆ ئاوێتەکردنی کۆچبەران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەشەرمەوە مامەڵەدەکەن لە بەکارهێنانی زمـانی نەتەوەبـوون یان بـانـگەوازکردن بۆ هێماکان لەپەیوەنـد لەگەڵ سیاسەتی دەرەوە و پـــرسە ئەمنییەکان. لە دووای هێرشەکانی 11ـی سێپتامــبردا، وەک دەڵێن، نیشانە زارەکی و دیدەییەکانی **نەتەوەبـوون** و **نیشتمانـپەروەری** بە قـووڵی پەیوەسـت بـوون بەو بڕیارە چارەنووسسازەی کە هێرشەکانی لە چوارچێوەی "جەنگ" بە جێی "تاوان" پێناسە کرد؛ هاوکات لەگەڵ: تاکلایەنخوازیی شەڕانگێزانە لە سیاسەتی دەرەوەدا؛ بە دژایەتییەکی زەق و جەوهەری لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"، بە شـــانـــازییەکی نەتەوەیی زێدەڕۆیانە؛ و بە ڕیتۆریکێکی ئەخـــلاقی و تەنانەت لەچوارچێوەی جەنگی چاکە بەرامبەر بە خراپە.

مـن هێزی ئەم پـاراسـتنانە بەرز دەنـرخێنم، تەنـانەت ئەگەر وێنەیەکی تـا ڕادەیەک یەکلایەنەی نیشتمانپەروەری دووای11ـی سێپتامبر پێشکەش بکەن. لە یادی دەکەم کە **فاکس نیوز** لەبری هەمـوو ئەمـریکییە نیشتمانـپەروەرەکان یان تەنـانەت ئـاڵاهەڵگرەکان قـسە نـاکات. بەڵام ئەم پەیوەنـدییە بـاوانە وا دەکەن کە "وەرگـرتـنەوەی ئـاڵا" زەرووری بێت، وەک چەنـد شـرۆڤەکارێک (Moyers, B ,2003) پێشنیاریان کردووە. ئەوان زیاتـر پەلە دەکەن کە بـچنە نـاو شەڕەکەوە، و کێبڕکێ لەسەر ئەو مەرجــانە دەکەن کە بەنــاویانەوە بــانــگەشە بۆ هێمای "نەتەوە" دەکرێت. نابێت ڕێگە بە هیچ لایەن و حزبێک بدرێت کە کەڵک وەربگرێت لە مۆنۆپۆلی زمانیی ورووژێنەر و ئــایکۆنۆگــرافیای بەهێزی نیشتمانــپەروەری. ئــاڵا هێمایەکی ڕەسەنی بێڕادە بەهێزە، تەنــانەت ئەگەر زۆرێک لە ڕۆشنبیران لەو هێزە دوور بـــن، یان شەرمی لێ بکەن. دەسەڵاتی ئەو هێمایە و

مــافی قــسەکردن "بە نــاوی نەتەوە"، نــابێت بــدرێت بەو کەســانەی کە دەســت بەسەر دەستەوشەی "نیشتمانپەروەر"دا دەگرن، بۆ نموونە، ناوزەدکردنی یاسایەک کە دەتوانێت بە هەمان شێوە ناوی لێ بنرێت "نانیشتمانپەروەر" یان "نائەمریکی" بۆ ئەوەی پشکنینی دادوەری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن لاواز بکات بە بیانــووی دەســتکەوتی گــومــانــاوی بۆ ئــاســایشی نەتەوەیی. ڕەخنەگرانی سیاسەتەکانی دووای11ـی سێپتامبر دەتوانن وەک نیشتمانپەروەرێک کەیسێکی کاریگەر بخەنە ڕوو، پابەند بن بە ئاسایشی نیشتمان، بەڵام ڕوانگەی فراوانتریان ڕوو بە ئــاســایش هەبێت، و پــابەنــدیشن بە پــاراســتنی ئەو ئــازادییانە- لەوانەش ئــازادی بۆ ڕوانــگەی نــاکۆک- کە بەشێکیان ئەمــریکا وەک نەتەوەیەک پێناسە دەکەن. کۆی ئەمە دەتوانێت کاریگەری ئەرێیی هەبێت.

بێگومــان پــرسیاری ئەوەی کە چی "وەک نەتەوەیەک پێناسەمــان دەکات" بــابەتی ڕاســتییەکی دڕندە و بێرەحم نییە، بەڵکوو بابەتی گێڕانەوە گشتییەکانە (Somers, 1994, p. 619)، [بابەتی] خۆ-فــامکردنەکانە کە لەلایەن چیرۆکەکانەوە شێوەیان وەرگــرتــووە. گەنجینەیەکی دەوڵەمەنــد لەم جۆرە خۆ-فامکردنە چیرۆکمەند هەیە، هەندێکیان زۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوبەشن، هەندێکی دیکەشیان کەمتر، و ئەمانە بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕدرێن. "ئەوەی ئێمە وەک نەتەوە پێناسە دەکات" زیاتــر نییە لە هــاوسەنگییەکی کاتی لە ئــارگیومێنتهێنانەوەی بەردەوام سەبارەت بەوەی کە چی ئێمە وەک نەتەوە پێناسە دەکات. ڕەخنەگرانی ئەو سیاسەتانەی ئێستا کە بەناوی نەتەوەوە دەدوێن، پێویستە بەشداری لەو ئارگیومێنتهێنانەوە بەردەوامەدا بکەن؛ پێویستە چیرۆک بگێڕنەوە و خۆ-فامکردنەکانیان لە خۆیان بخەنە ڕوو.

لە ڕوانـگەی ئەو کەسـانەی کە نـاکۆکن لەگەڵ **پـریڤاتیزمی (privatism) مەدەنی و پـاسیڤیتی**، **پەرەسەنــدنی نــایەکسانی** و خـــراپـــبوونی خـــزمەتـــگوزارییە گشـــتیەکان، **جیابـــوونەوەی دەوڵەمەنـدەکان**، زێدەڕەوییەکانی **جیاوازخـوازی** (differentialism) و **سیاسەتی شـونـاس و ڕیـتۆریکی مــانەوی** (Manichean) و **هەڵـوێستی تــاکـلایەنە** کە -نیـشـانەی سیـاسەتەکـانی دەرەوەی ئەمـــریکـایە- پێـدەچێـت کە پەرەپێـدان بە یەکـڕێـزی، بەرپـــرسیـارەتی دوولایەنە و پابەندبوونی مەدەنی لەسەر ئاستی نەتەوەییدا خاڵێکی گونجاو و پێویست بەهەژمار بێت.[17] بێگومـان، هەروەهـا خـوازراوە کە هـاودەنگی و هـاوسۆزی فـراوانتر بچێنرێت- خەیاڵی ئەخـلاقی درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەمـوو خەڵکی سەر هەسارەکە بگرێتەوە. بەڵام یەکـڕیزی و ناسینەوەی نەتەوەیی پێویستییەکی جدی هەیە بە پەروەردە کردن؛ مەبەستم شانازی نەتەوەیی نییە؛ کە لە ئەمـــریکا زیاتــر لە پێویست هەیە. مەبەســـتم هـــاودەنگی و بەرپـــرسیارەتییە بەرامـــبەر بە هــاووڵاتییان؛ و مەبەســتم نــاسینەوە (identification) و بەرپـرسیارەتی ڕووبەو شــتەیە کە حکومەت بەنـــاوی نەتەوەوە دەیکات. لاوازی کوالیتەی هـــاووڵاتیبوونی ئەمـــریکی پەیوەنـــدی ڕاستەوخۆی بە لاوازی ئەو جۆرە لە یەکڕیزی، پابەندبوون و بەرپرسیارەتییەوە هەیە.

بۆ هەنـــدێک لە ڕێبەرانی پۆســـت-مۆدێرنیست کە شێوەی جیاواز و فـــرەیان بۆ [پێـناسەی] هـاووڵاتی هەیە، لاوازی هـاووڵاتیبوونی نەتەوەیی بە هیچ جۆرێک هۆکاری نیگەرانی نییە. بەڵکوو قەرەبـوو دەکرێتەوە بە جۆرەهـا هـاووڵاتیبوونی دیکە کە لە پەرەسەنـدنـدایە، وەک وردنەتەوەیی (subnational)، سەروونەتەوەیی (transnational) و بـــــانەتەوەیی(supranational). ئەم ئەدەبیاتە بـــاس لە هـــاووڵاتیبـوونی جیهانی، هـــاووڵاتیبـوونی ئێکۆلۆژیک، هـــاووڵاتیبـوونی ئێکۆفێمێنیست، هـــاووڵاتیبوونی نەتەوەیی، هـــاووڵاتیبـوونی کەلـــتووری، هـــاووڵاتیبـوونی

فــرەکەلــتووری، هــاووڵاتیبوونی دیاســپۆایی، هــاووڵاتیبوونی تێکنۆلۆژیک، هــاووڵاتیبوونی کۆمـپانیایی، هـاووڵاتیبوونی شـوێنی کار، هـاووڵاتیبوونی نـاوخۆیی و هـاووڵاتیبوونی سێکشواڵ لەخۆدەگرێت؛ و ئەمە ژماردنەش بە هیچ شێوەیەک هەمەلایەنە و تەواو نییە.[18]

ئەم ئەدەبیـاتە گەشەسەنـدووە بەشێـوەیەکی بەسـوود سەرنـجی بۆ شـوێـنە زۆرەکـانی هـاووڵاتیبوون لە سـنووری دەوڵەتە نەتەوەییەکان و دەرەوەی سـنووری دەوڵەتە نەتەوەییەکان ڕاکێشاوە. بەڵام مەتـرسی ئەوە هەیە کە گـرنگییەکی بەردەوامی هـاووڵاتیبوونی نەتەوەیی، واتە ئەو هاوڵاتیبوونەی لەسەر بنەمای دەوڵەت نەتەوەیە پشتگوێ بخرێت. دەوڵەتی نەتەوەیی وەک شـوێنێکی یەکلاکەرەوەی دەسەڵات لە کاروبـاری جیهانیدا دەمێنێتەوە؛ تـاکە شـوێنی سەرەکی دەسەڵاتە لەگەڵ کایەی گشتی و فۆڕمەکانی دامەزراوەیی، هەرچەندە ناتەواو بن، کە تاڕادەیەک ڕێگە بە بەشـداری مەدەنی مـانـادار و کاریگەر دەدەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارانەش، نـابێت هـاووڵاتیبوونی نەتەوەیی -و بەو هۆیەوە یەکڕیزی نەتەوەیی و نیشتمانـپەروەری- بخـرێتە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

---

سەرچاوە:

Brubaker, R. (2004). In the name of the nation: reflections on nationalism and patriotism. Citizenship Studies, 8 (2).

ڕاجێرز برووبەیکر (Rogers Brubaker)

ڕاجێرز برووبەیکر پـرۆفیسۆری نـاوداری کۆمەڵناسی لە زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لۆس ئـانجێلس کە خـاوەن کورسی دامەزراوەی UCLAـە. برووبەیکر بەشێـوەیەکی بەربڵاو لەسەر تیۆری کۆمەڵایەتی، کۆچـبەری، هـاووڵاتیـبوون،

نـاسیۆنـاڵیزم، نەژاد، جێندێر، پۆپۆڵیزم- و بەم دووایيانە هـایپێر-پەیوەنـدی دیجیتاڵی نـووسیویەتی. یەکەم کتێبی ڕوونکردنەوە بووە لەسەر ئایدیای عەقلانیەت لە کارەکانی ماکس ڤێبێر. لە دوو کتێبی کۆتاییدا ناسیۆناڵیزمی لە سۆنگەی مێژوویی و بەراوردکارییەوە شی کردووەتەوە.

بڕوبەیکر لە ســاڵی 1991ـەوە لە زانکۆی کالیفۆڕنیا لە لــوس ئــانجێلس وانە دەڵێتەوە. پێش هــاتنی بۆ UCLA ، ئەنـدام بـوو لە کۆمەڵگەی زانکۆی هارڤارد (1988-1991). خەڵاتی زانکۆی (1994-1999) MacArthur و خەڵاتی لێکۆڵەری گەنجی سەرۆکایەتی لە دامەزراوەی زانسـتی نەتەوەیی (1994-1999) و بـورسی نـاوەنـدی خـوێندنی پێشکەوتــوو لە زانســتە ڕەفــتارییەکان (1995-1996) و دامەزراوەی یادەوەری جــان سیمۆن گــوگــنهایم (1999-2000) و Wissenschaftskolleg ـی بەرلیـــن (2016-2017) پێـــبەخـــشــراوە. لە ســاڵی 2009 بۆ ئاکادێمیای ئەمریکی بۆ هونەر و زانست هەڵبژێردرا.

# سەرچاوەکان:


Alba, R. and Nee, V. (2003) Remaking the American Mainstream: Assimilation and Contemporary Immigration (Cambridge, MA, Harvard University Press).

Anderson, B. (1991) Imagined Communities: Reflections on the Origin and Spread of Nationalism (revised edn) (London, Verso).

Appadurai, A. (1996) Modernity at Large: Cultural Dimensions of Globalization (Minneapolis, MN, Univer- sity of Minnesota Press).

Appiah, K.A. (1998) 'Cosmopolitan patriots', in: P. Cheah and B. Robbins (Eds), Cosmopolitics: Thinking and Feeling Beyond the Nation (Minneapolis, MN, University of Minnesota Press).

Banting, K. and Kymlicka, W. (2003) 'Do multiculturalism policies erode the welfare state?', paper presented to Colloquium Franqui 'Cultural Diversities vs. Economic Solidarity'.

Barry, B. (2001) Culture and Equality: An Egalitarian Critique of Multiculturalism (Cambridge, MA, Harvard University Press).

Brubaker, R. (1996) Nationalism Reframed: Nationhood and the National Question in the New Europe (Cambridge, Cambridge University Press).

Canovan, M. (1996) Nationhood and Political Theory (Cheltenham, Edward Elgar).

Centre for the Study of Global Governance, London School of Economics and Political Science (2002) Draft report on 'Workshop on Methodological Nationalism', 26–27 June 2002, available online at:< www.lse.ac.uk/Depts/global/Yearbook/methnatreport.htm > .

Dobson, A. (2003) Citizenship and the Environment (Oxford, Oxford University Press).

Dunn, J. (1979) Western Political Theory in the Face of the Future (Cambridge, Cambridge University Press). Evans, D.T. (1993) Sexual Citizenship: The Material Construction of Sexualities (London, Routledge).

Gitlin, T. (1995) The Twilight of Common Dreams: Why America is Wracked by Culture Wars (New York, Henry Holt).

Habermas, J. (1996) 'The European nation-state—its achievements and its limits: on the past and future of sovereignty and citizenship', in: G. Balakrishnan (Ed.), Mapping the Nation (London, Verso).

Held, D. (1995) Democracy and the Global Order: From the Modern State to Cosmopolitan Governance

(Stanford, CA, Stanford University Press).

Held, D., McGrew, A., Goldblatt, D. and Perraton, J. (1999) Global Transformations: Politics, Economics, and Culture (Stanford, CA, Stanford University Press).

Higham, J. (1955) Strangers in the Land: Patterns of American Nativism, 1860–1925 (New Brunswick, NJ, Rutgers University Press).

Hirst, P. and Thompson, G. (1999) Globalization in Question (2nd edn) (Cambridge, Polity Press). Hollinger, D.A. (1995) Postethnic America: Beyond Multiculturalism (New York, Basic Books).

Holmwood, J. and Siltanen, J. (1994) 'Gender, the professions, and employment citizenship', International Journal of Sociology, 24(4), pp. 43–66.

Isin, E.F. and Wood, P.K. (1999) Citizenship and Identity (Thousand Oaks, CA, Sage).

Kearney, M. (1991) 'Borders and boundaries of state and self at the end of empire', Journal of Historical Sociology, 4(1), pp. 52–74.

Koopmans, R. and Statham, P. (1999) 'Challenging the liberal nation-state? Postnationalism, multiculturalism, and the collective claims making of migrants and ethnic minorities in Britain and Germany', American Journal of Sociology, 105(3), pp. 652–96.

Krugman, P. (2002) 'For richer', New York Times Magazine, 20 October.

Kymlicka, W. (1995) Multicultural Citizenship: A Liberal Theory of Minority Rights (Oxford, Oxford University Press).

Laguerre, M.S. (1998) Diasporic Citizenship: Haitian Americans in Transnational America (New York, St.

Martin's Press).

Lind, M. (1995) The Next American Nation: The New Nationalism and the Fourth American Revolution (New York, Free Press).

Mann, M. (1993) The Sources of Social Power: The Rise of Classes and Nation-States, 1760–1914

(Cambridge, Cambridge University Press).

Mann, M. (1997) 'Has globalization ended the rise and the rise of the nation-state?', Review of International Political Economy, 4(3), pp. 472–96.

Mann, M. (2004) The Dark Side of Democracy: Explaining Ethnic Cleansing (Cambridge, Cambridge University Press).

Miller, D. (1995) On Nationality (Oxford, Clarendon Press).

Milward, A.S. (1992) The European Rescue of the Nation-State (Berkeley, CA, University of California Press). Moyers, B. (2003) 'Reclaiming the flag', Rolling Stone, 15 May; available online at: < http://www.buzzflash.com/contributors/03/02/28 moyers.html > .

Nussbaum, M.C. (1996) 'Patriotism and cosmopolitanism', in: J. Cohen (Ed.), For Love of Country: Debating the Limits of Patriotism (Boston, MA, Beacon Press).

Nussbaum, M.C. (1997) Cultivating Humanity: A Classical Defense of Reform in Liberal Education (Cam- bridge, MA, Harvard University Press).

Pettus, K. (1997) 'Ecofeminist citizenship', Hypatia, 12(4), pp. 132–55.

Reich, R.B. (1992) The Work of Nations: Preparing Ourselves for 21st-Century Capitalism (New York, Vintage Books).

Renan, E. (1996 [1882]) 'What is a nation?', in: G. Eley and R.G. Suny (Eds), Becoming National: A Reader (New York, Oxford University Press).

Roche, M. (2002)

## پەراوێزەکان:

1 وەشانێکی پێشووتری ئەم توێژینەوەیە بۆ کۆنفرانسی "فرە روخساریی نیشتمانپەروەری"، دیترۆیت، 11-12ی سێپتامبری 2003 ئامادەکرابوو. دەمەوێت سپاسی ڕۆب یانسن، کریستی سوراک، و سەرنووسەران و پێداچوونەوەکارانی "موتالاتی هاوولاتیبوون" بکەم بۆ سەرنجە یارمەتیدەرەکانیان.

2 و: دەستەوشەی (putative nation) لەم بەستێنەدا بە واتای ئەوە دێت کە نەتەوەبوونی ئەم نەتەوەیە وەک گومان و بابەتێکی گریمانەگیراو بوونی هەیە؛ نەتەوەی گوماناوی.

3 بە هەرشێوە، بە لەبەرچاوگرتنی قووڵیی ئەم دابەشبوونانە -دژایەتیکردنی دەسەڵاتی داگیرکەر ڕەنگە تەنیا لە بەشێکدا و تەنیا بە شێوەیەکی کاتی بتوانێت بۆشاییەکە لە ڕێگەی پردێک پڕ بکاتەوە- ڕەنگە کۆکردنەوەی "نەتەوە" لە خزمەت بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی سیاسەتخوازدا ئەگەرێکی لەپێشتر بێت، بەڵام بە ناوی عێراقی نا بەڵکوو نەتەوەی کورد. (Wimmer, 2003).

4 بۆ ئەدەبیاتێکی بەرین لەم بارەیەوە بڕوانە:

- Kearney (1991).
- Soysal (1994).
- Habermas (1996).
- Appadurai (1996).

5 هەندێک لە شرۆڤەکاران ئاماژەیان بەوە کردووە کە هیچ "نەتەوەیەکی" ئەمریکی بوونی نییە- هیچ دانیشتووانێک کە بە "نەتەوایەتی" کەلتووری هاوبەشی ئەمریکی پێناسە بکرێت بوونیان نییە. دەوڵەتێکی ئەمریکی هەیە، هاووڵاتی ئەمریکی هەیە، بەڵام نەتەوەیەکی ئەمریکی نییە. لەسەر ئەم بۆچوونە، ئەمریکا جیاوازە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەورووپا؛ واتە بە هیچ شێوەیەک دەوڵەتێکی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو دەوڵەتێکی فرەنەتەوەییە، یان لانیکەم دەوڵەتێکی نەتەوەیی نییە. هەندێکی تر دەڵێن ئەمریکا دەوڵەتێکی نەتەوەییە بە نەتەوایەتی (nationality) کەلتووری جیاوازەوە (Hollinger, 1995; Lind, 1995). ئەگەر مرۆڤ قبووڵی بکات کە نەتەوەبوون ڕاستییەکی ئێتنۆدیمۆگرافی یان ئێتنۆکەلتووری نییە بەڵکوو بانگەشەیەکی سیاسییە، ئەوا پرسیارەکە لەسەر ئەمە نییە کە کام لەم بۆچوونانە ڕاستە، یان بەڕاستی نەتەوایەتی کەلتووری ئەمریکی بوونی هەیە یان نا. پرسیارەکە زیاتر ئەوەیە کە ئیدعای نەتەوەبوونی ئەمریکا- یان ڕەدکرنەوەکەی- لە لێدوانی سیاسیدا چۆن کاردەکات.

6 بۆ ڕوانین لە ڕەخنەی تێزی کەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بڕوانە Mann (1997).

7 بۆ وردبوونەوە لەم خاڵە، بڕوانە (Brubaker (1996, pp. 1-3.

8 بۆ نموونە بڕوانە:

Hollinger (1995), pp.151ff.
Waldinger, Fitzgerald (2003).
Koopmans, Satatham (1999).

9 هەرچەندە مارتا نوسبام ئەندامێتی نەتەوە بە "تایبەتمەندییەکی ناپەیوەندیدار لە ڕووی ئەخلاقییەوە" و سنوورە نەتەوەییەکان بە"خۆویستانە لە ڕووی ئەخلاقییەوە" پێناسە دەکات (1996, pp. 5, 14) ، بەڵام ڕوون نییە کە ئەوەی من ناوم ناوە "ئارگیومێنتی کۆسمۆپۆڵیتی بەهێز" ئارگیۆمێنتی بەهێزیشە، چونکە ئەو گرنگیدانێکی پەروەردەیی تایبەت بە نەریتە ئەمریکییەکان بە ڕەوا دەبینێت، تەنانەت ئاماژە دەدات کە پەروەردە دەبێت زیاتر کۆسمۆپۆڵیتی بکرێت (1997, p. 68).

10 بڕوانە

Walzer (1983).

والْزێر بەرگری دەکات لە «مافی داخراوی، کە هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ ئەو بوونی نەدەبوو»، لە هەمان کاتیشدا سنوورەکانی ئەو مافە دیاری دەکات، و باس لەو داخوازییە ڕەوایانە دێنێتە پێش کە ڕەنگە"بیانییە خاوەن پێویستییەکان" هەیانبێت (pp. 64, 98).

11 لەم کارەدا، بەشێک لە ئارگیومێنتی مێژوونووس دەیڤید هۆلینگێر پەیڕەو دەکەم، کە دۆسیەیەکی سەرنجڕاکێشی بۆ گرنگی یەکرێزییە نەتەوەییەکان نووسیوە، کە دەکەوێتە نێوان ئیدعای ئێتنۆس و ئیدعای بەشەکان (Hollinger, 1995). چەند کەسێکی دیکە لە چەپدا، بەرگرییان لە نیشتمانپەروەری یان ناسیۆناڵیزم کردووە (Wilkins, 2001 ,Lind ,1995, Reich ,1992) ، بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە جەستەیەکی بچووک بەڵام گەشەسەندوو لە کارکردن لە تیۆری سیاسیدا بووەتە هۆی داڕشتنی کەیس بۆ ناسیۆناڵیزمی لیبراڵ.

Tamir ,1993 .Miller ,1995 .Canovan ,1996

بەڵام ئەم بۆچوونانە لانیکەم لە بواری ئاکادێمیادا تا ڕادەیەک پەسەندنەکراو و ناستاندارد دەمێننەوە.

12 بڕوانە:

Viroli (1995). Vincent, (2002).

13 بۆ تێچینێکی کورت بەڵام پاراو لەم بارەیەوە، بڕوانە: .Taylor, (1996)

14 New York Times, 13 February 1994. Cf. Appiah (1998, p. 95):

«نیشتمانپەروەر یەکەم کەسە کە ئازاری شەرمەزاری وڵاتەکەی دەچێژێت.»

15 بۆ نموونە بڕوانە .Krugman, (2002). Reich, (1992).

**16**

Gitlin (1995).
Hollinger (1995).
Lind (1995).
Barry (2001).
Banting, Kymlicka (2003).

هیچ بەڵگەیەک لەسەر پەیوەنــدی نێوان سیاسەتە فــرەکەلــتوورییەکان و لاوازبــوون دەوڵەتی خۆشــگوزەران نادۆزنەوە (هەرچەندە دان بەوەدا دەنێن کە ڕەنگە پەیوەندییەکی لەو شێوەیە لە ئەمریکادا هەبێت). بەڵام وەک بانتینگ و کیملیکا دان بەوەدا دەنێن، ئەو بەڵگانەی کە لەبەرچاویان دەگرن، کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی نێوان گوتار یان ڕیتۆریک و پابەندبوون بە سیاسەتەکانی دابەشکردنەوە نییە. ئەو ئارگیومێنتە لێرەدا (و لانیکەم بەشێکی لەلایەن ئەو نــووسەرانەی کە لە سەرەوە ئــامــاژەیان پێکراوە) پەیوەنــدی بە کاریگەرییەکانی گــوتــاری سیاسییەوە هەیە- واتە شێوازە بــاوەکانی چــوارچێوەدان بە ئیدعــاکان و دارِشــتنی نــاســنامەکان- ڕاســتەوخۆتــر لەوەی کە دارِشتنی سیاسەتەکان دەیکات.

**17** هەنــدێک لە فیلسووفە ئەخــلاقییەکان پێشنیاریان کردووە کە ســنووری خەیاڵی ئەخــلاقیمان زیاتــر فــراوان بکەین، بەجۆرێک نەک تەنیا زیاتــر لە ســنووری نەتەوەکەمــان، بەڵکو لە ســنووری جۆرەکانــمان زیاتــر، بۆ ئەوەی هەموو جۆرە ئاژەڵێک لە باوەش بگرین کە سیستەمی دەماری ئاڵۆزیان توانای ئەوەیانی پێبەخشیوە هەست بە ئازار بکەن.

**18** بۆ بــاسکردن لە زۆرێک لەم فۆرمــانەی هــاووڵاتیبوون، بڕوانە Isin and Wood 1999. بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەردەوام لە دیمۆکراسی کۆسمۆپۆلیتی، سەیری (1995) ,Held بکە. بۆ لێکۆڵینەوە لە فۆرمە نــانەتەوەییەکانی هاووڵاتیبوون، لە نێوان زۆر کەسی دیکەدا سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

Dobson, (2003).
Evans, (1993).
Siltalen,Holmwood, (1994).
Kymlicka, (1995).
Laguerre, (1998).
Pettus, (1997).
Roche, (2002).
Smart, (2001).
Weis et al, (2002).